# ناوچە سنورییەکانی کوردستان دەبنە خاڵی بەیەکگەیاندنی عێراقی و ئێرانییەکان

راپۆرتی ئیسماعیل عوسمان

وێنە : ئەنوەر عەرەب

ئەم راپۆرتە بۆ سایتی iwpr کراوە ، لەبەر پەیوەندیداری بابەتەکە بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانەوە بڵاوکردنەوەیمان بە پێویست زانی

سەر لە بەیانی لە کاتێکدا کە خۆر لە ئاسۆوە چەند میلێك بەرز بووبویەوە ، پیرە ژنێك بە کۆلێکی قورس و جەستەیەکی شەکەتەوە لە بناری شاخەکانی تەوێڵەوە دەرکەوت، پاش پشوویەك کە کۆڵەکەی کردەوە، چەند بەستەیەك نانی ئێرانی هێنابوو، تا لەوێ بیکاتە پارە و بگەڕێتەوە.

تەوێڵە کە ناوچەیەکی بازرگانی کردنی نێوان کوردەکانی ئێران و عێراقە هەر لە بەیانییەکی زووەو پڕدەبێت لەو کوردە ئێرانییانەی کە ساڵانێکی زۆرە لەم سنورەدا خەریکی ئاڵوگۆڕی کەلوپەلن، هەندێك کالاّ و شمەکی ئێرانی دێنن و لەوێ دەیفرۆشن، دواتر هەندێك کالاّ و شمەك لە ولاّغە بارەبەرەکان دەنێن و دەگەڕێنەوە.

هاتنە ناوەوەی ئێرانییەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان لە هەردوو سنوری ( پێنجوێن و تەوێڵە) وەیە کە بە ناوچە سەرسنوریەکانی ئێران وعێراق دادەنرێت، لەبەرئەوە کۆمەڵێکی زۆری دانیشتوانی ئەو دووناوچەیەش بە کاری قاچاغچیەوە خەریکن .

کەمال مەحمودی تەمەن(٦٥)ساڵ خەڵکی هەورامانی ئێران بوو،جلوبەرگی دەستکردی میللی هێنابوو بۆ فرۆشتن، وتی" لە ئێرانەوە بە قاچاخی هاتومەتە خاکی عێراق چونکەسوپای پاسدارانی ئێران نایەڵن بێینە ئەم دیو سنور، لە کاتێکدا سوپایسەرسنورلەخاکی عێراقدا هیچ جۆرە پرسیارێکیان لێنەکردوم "

سوپای سەر سنوور کە لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق دامەزراوە، کارەکەی بریتییە لە پاراستنی ناوچە سنوورییەکان لە هاتنە ناوەوەی هەرکەسێکی بیانی بۆ ناو سنووری کوردستان، بەلاّم لە ئێستادا زۆر نابنە رێگری کەسانی ئێرانی بۆ ناوچەکە.

سەیوان تەمەن(٢٥)ساڵ کەناوی تەواوی نەوت یەکێك بوولەو گەنجانە کە سێ چوار ساڵە هاتوو چۆی عێراقی دەکرد وتی"بە قاچاغی دێینە خاکی عێراق وسوپای سە ر سنوریش زۆر پرسیارمان لێ ناکەن" عیزەدین پیاوێکی تەمەن (٤٢) ساڵە دوکانێکی کوتاڵی هەیە بەتەنیشت ئاسایشی تەوێڵەوە ئێرانییەکان لەوێ زیاترمامەڵەیاندەکرد،ئاماژەی بەوەدا کە رۆژانە زیاترلە(٢٠)کەسی ئێرانی دێنە ئەم دوکانەوە کوتاڵ دەکڕن.





ژن ومێردێکی ترمان بینی لە ناوخاکی عێراق بەرەوخاکی ئێران دەگەڕانەوە ، لە ئاسایش جانتاو پێداویستییەکانیان دەپشکنین.

مەعسوم کەتەمەنی(٢٥)ساڵە و خەڵکی ئێران، وتی" لێرە ناسراوێك کەفالەتمان دەکات کەدێینەخاکی کوردستان ، بەڵام کەدەگەرێینەوە سوپای ئێران ئەگەر بمانگرن زۆرعەزێتمان دەکەن، چونکە بە شکاندنی سنوری دادەنێن"

لەخاکی عێراقدا دوای پرۆسەی ئازادی لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان کەمتر رێگری دەکرێت لەهاتنە ناوەوەی خەڵکی ئێرانی بۆناوچەکانیکوردستان. مفەوەزێکی ئاسایش کەنەیویست ناوی خۆیبلێت بە(لڤین)ی ڕایگەیاند کە"ڕۆژانە لەو سنورەی ئەواندا زیاتر لە (٥٠)کەس دێنەخاکی کوردستان هەرچەندە سوپای ئێران ڕێگری زۆر دەکەن لە کەسێك کە هاتوچۆی کوردستان بکات"

هەندێك لەو ئێرانیانە کەدێنە کوردستان بۆ کارکردن دێن، چونکە لەویّ کاریان دەست ناکەوێت ، بۆبەدەست هێنای بژێوی ژیانیان رووەکەنە کوردستای عێراق لە ناوچەکە، بەپێ وتەی کرێکارێکی ئێرانی نزیکی 400 کەس کار دەکەن لە ناوچەکەدا .

کێویار تەمەن(٢٥)ساڵ، وەستای بینایەو خەڵکی مەریوانی ئێرانە (٢٠) ڕۆژبوو لە شارۆچکەی تەوێڵە کرێکاری دەکرد، وتی"ئێمە لێرەکاردەکەین چونکەمەسروفاتی ئێران زۆرگران بووە و کارنییە"

نورەدین سادق کە خەڵکی کوردستانی عێراقە کرێکارە ئێرانییەکان کاریان بۆدەکرد، ئاماژەی بەوەکرد کە "ئێرانیەکان هەرچەندە کرێیان گرانە، بەڵام کاریان جوانە، ڕۆژانەی هە رکرێکارێك لە کوردستانی عێراق (١٥) هەزار و وەستا(٢٥) تا(٣٠) هەزار دینارە.

ئالان کەمال محمد، لێپرسراوی بنکەی سوپای سەر سنور لەتەوێلە بە (لڤین ) ی ڕاگەیاند "ئێرانیەکان کە دێنە خاکی کوردستان کەسێکی ناوچەکە دەبنە کەفیلیان، کرێکارەکانیش مقاولەکان کەفالەتیان دەکەن و بۆ ماوەی دە ڕۆژ پسولەی تایبەتیان بۆدەکرێت،.

ئالان تەئکیدی لەوە کردەوە کە لەماوەی پێشوودا چەند ئێرانییەکیان دەستگیر کردووە، کە تلیاکیان پێبووە و بە قاچاخی هێناویانە بۆ کوردستان.

نەجات مامل ناصر لێپرسراوی پاسپۆرت دەربارەی ئەوانەی کەدەمێنەوە لە کوردستاندا ، وتی "ئەوانەی سەردانی ئێرە دەکەن زیاتر کوردی ئێرانن بەموناسەبەتی جیاوازەوە دێن ، ئەوانەی کە پاساپۆرتیان پێیە ئەوا مۆری لێدەدەین و ئەوانەشی کە پسوڵەیان بۆ کرا ئەوا بەرواری دیاریکراوی لێدەدەین بۆ هاتن و گەڕانەوەیان"

لەناوجەنجاڵی بازاڕودڵفرێنی و جوانی شاخەکاندا خەڵکی خەریکی کارکردنیان بوون، عەسرێکی درەنگ کاتێك کە پاساریەکان بەرەو لانەکانیان دەگەڕێنەوە و خۆر نزیکی ئاوابوون دەبێتەوە ، ئەوکات ئێرانیە قاچاغچیەکان ماڵئاوای لە ناوچەکە دەکەن و لە بەرزاییەکانەوە ڕووە و خاکی ئێران لێژدەبنەوە .

# لڤین کامێرای



● تەنها کامێرا لە رۆژی دادگایی کردنی هاوڵاتیدا